# نەوشیروان مستەفا ناوچەی سەوز بۆیاخی شین دەکات

2014-04-20
ناسر حەفید:

Source: facebook.com /3kontrakt & kurdistanpost.com

- ئەم هەڵبژاردنە یەکێتی رادەوەشێنێت
- مام جەلالێک دروست نەکەن لەگەڵ گۆران قسە ئەکەن
- سیاسەتی دەستکەوت و تاڵانیی سەرناگرێت
- فاکتەرەکانی دروستبوونی یەکێتی بەرەو نەمان ئەچن
- باوەڕهەبوونیان بە یەکێتی بەستەوە بە هاتنەوەی مام جەلالەوە
- دەنگدان بۆ تازەکردنەوەی ملکەچییە.

*****************************************
یەکێک لە فاکتەرە راگرەکانی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان کۆمەڵەی رەنجدەران بوو. کۆمەڵە بە فکر مارکسی لینینی و ماتۆڕی یەکێتی بوو. ئەم ماتۆڕەش بە نەوشیروان مستەفا دەگەڕا کە سکرتێری کۆمەڵەکە بوو. ئەم کۆمەڵەیە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا هەڵوەشێنرایەوەو رۆڵی تەواو بوو. بەمەش بەشێکی ماددیی گرنگ لە بینای یەکێتیدا نەمان.
هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە یان بەردەوامبوونی، لە دەستی نەوشیروان مستەفادا بوو. ئەمەش ئەوە دوبارە دەکاتەوە کە پارت و هێزە کوردییەکان لەگەڵ سەرۆکەکانیان لە یەکتریی جیا ناکرێنەوە. هەر بۆ نموونە، ساڵی 1975 جوڵانەوەی چەکداریی کورد بە بڕیاری رابەرەکەی مەلا مستەفا هەڵوەشایەوە. پەکەکە تا ئێستا نەیتوانیووە سەرێکی سەربەست لە عەبدوڵا ئۆجەلان کە لە بەندیخانەی تورکیادایە دروست بکات. پارتەکان لە راستییدا گوزارشت لە رابەر دەکەن نەک لە ئایدۆلۆجیی.
لێکترازانی یەکێتی نە ئەنجامی هەڵوێستی جەماوەرە لە پیسخۆریی نە پڕوابوونە بە گۆران، بەڵکو لە بنەڕەتدا وردەکاریی پیربوون و لە بەرچاو ونبوونی مام جەلالە. بینای پارتەکان وایە لەگەڵ رابەردا پیر ئەبن، لاواز ئەبن و لەناو ئەچن.
نەوشیروان مستەفا کەسێکی بە ئاگایە لەم گەمەیەی کورددا کە پێی دەوترێت سیاسەت. کاک نەوشیروان دەیزانی کوردوتەنیی "دوو بەران لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێن." لەشێک ناتوانێت بە دوو سەر بڕوات. بۆیە دەبوو یەکێتی تەسلیم بە مام جەلال بکات. چونکە خاوەنی رێکخراوەکەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی یەکێتی مام جەلال بوو. ئەم یان دەبوو ملکەچی مام جەلال بێت یان دەبوو بڕواتەوە ماڵی خۆی. ناوبراو ناوبەناو لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەژیا. لە کۆتاییدا لە رێگای دامەزراندنی کۆمپانیای وشەو لیستی خۆیەوە لە هەڵبژاردنەکاندا جوڵانەوەیەکی خۆی دروست کرد.

رووداوی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە ئەو پرسیارە نەکراوەشی بەجێ هێشت ئەی ئایا کەی یەکێتی رۆڵی تەواو دەبێت و هەڵدەوەشێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەو قسانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت. دوای نەمانی کۆمەڵە، لە یەکێتی هەر ئەوەندە مایەوە کە لەگەڵ مام جەلالدا لە یەکتریی جودا نەبنەوە. ئایا دوای مام جەلال یەکێتی چی بەسەر دێت؟
ئەو کەسەی کە بە ئاسانیی سەرانی ناو یەکێتی ملیان بۆ کەچ دەکرد کەسی دووەمی یەکێتی نەوشیروان مستەفا بوو. ئەویش دەیزانی دوای مام جەلال رێکخراوێکی بۆ دەمێنێتەوە کە دروستکردنی رێکخراوێکی تر ئاسانترە لە خەیاڵی نۆژەنکردنەوەی یەکێتی. چونکە لە دوای راپەڕینەوە ئیتر فەلسەفەی سیاسیی یەکێتی بوو بە "تاڵانیی و دەستکەوت". زۆربەی کادیرەکانی یەکێتی وەکو قیتار لە سکە دەرچوون. لەو پڕوایەدام نەوشیروان مستەفا دەستی لە زۆربەیان شتبێت کە بتوانرێن کۆنترۆڵ بکرێن و رێکبخرێن. وەکو سویدییەکان دەڵێن "بەشێک نەبیت لە چارەسەر، بەشێکیت لە گرفت." زۆربەی کادیرەکان خرانە بارێکی واوە کە بۆ ئەوە نەدەبوون شتێکی تریان پێ بکرێت جگە لەوەی کە بەسەریدا کەوتبوون لە پارەپەیداکردن و پیسخۆریی. بۆیە بەشێک دەبوون لە گرفت لەوەدا کە کاک نەوشیروان لە یەکێتی ئەم گۆرانەی ئێستا دروست بکات.

## خەبات بە دەستکەوت

یەکێتی بە مێژوویەک لە قوربانیدان و تێکۆشانی خەڵک هاتە پێشەوەو بە کانسەری پیسخۆریی کرمێ بوو. هەموو ئەو خەباتەی کردبووی گۆڕیەوە بە "دەستکەوت". ئەم دەستکەوتەشی بە پێی مەزاجی دەستەڵاتدار کەم و زۆر لە رێگای موچە، زەوی، ئیمتیازو پۆستەوە دابەش کرد بەسەر ئەندامان و هەوادارانی خۆی دا. شێخ لەتیفی مەلیک مەحمود دەربارەی ئەم جۆرە ناهەمواریيە لە زەمانی ئینگلیزەکاندا وتوویەتی: " وەکو ئەو گەنمە ژەهراوییە وایە کە جوتیار ئەیدا بە مشک." واتە، ئەتوانم لەم بارەیەوە بڵێم: "مرۆڤ بە شتێک ئەشکێت نەیبێت ناژی." دەستکەوت دیوی دووەمی خۆی تەواو کرد: "تاڵانیی". بە کورتییەکەی هەدەفی "دەستکەوت و تاڵانیی" هەموو هێڵە سورەکانی موراڵیان بەزاند. سەوزبوونی ژمارەیەک کۆمپانیای دەستەڵاتدار لە دوای خۆیەوە سروشتێکی ئەتکراو، قوتابخانە، خەستەخانە، دائیرە، بانک و پەروەردەی وێرانی بەجێ هێشتووە. بە شێوەیەکی چەوت پارە لە دەستی ژمارەیەک پارەداری پیسخۆردا کۆبۆتەوە کە بە ئارەزوی خۆیان و بۆ خۆیان خەستەخانە، هوتێل، قوتابخانە، پرۆژەی خانوبەرەو بازاڕی لێ دروست دەکەن. لێرەدا کێشەکە ئەوە نیيە کە من باسی ناهەقیی دەکەم، بەڵکو ئەوەیە کە ئایا سیاسەتی "دەستکەوت و تاڵانیی" کە مێژوویەک لە تێکۆشانی پێ دراوە سەردەگرێت؟ وەڵام: نەخێر. دەستەڵاتی کوردیی بنی پاپۆڕەکەی کون کردووە ماسی لێوە دەگرێت.

## کۆنتراکت پێویستییەکی سروشتییە

دەسەڵاتداران شتێک هەیە ئەبێت روون بێت لایان: کۆمەڵگا لە بنەڕەتدا لەسەر بناغەی کۆنتراکتێکی نەنوسراوە دروست بووە. جەماوەر دەسەڵاتێک لە خۆی دروست دەکات بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی بەکار بێت. سیاسەت بە واتای پیادەکردنی سیستێمێکی ئیداریی بۆ بەڕیوەچونی کۆمەڵگا پێویستییەکی سروشتییە. کەواتە، نەبوونی ئەم سیاسەتە بۆ خۆی قەیرانێکی گەورەیە. ئەمە چ جای ئەوەی کە دەسەڵاتێک دروست ببێت نەک ئەم پێویستییە سروشتییە دابین بکات، بەڵکو پێش بنێت بەسەر هەموو کارەکتەرو بەهاکانیداو ببێت بە مەترسیی. هەموو سامانی نەتەوەیی، دەزگاو دائیرەکان، بڕیارو چارەنوسی گەلێک بە شێوەیەک بکەوێتە دەستی ژمارەیەک کەسەوە کە منداڵەکانیشیان بتوانن یاریان پێ بکەن. ئێمە ئەبێت حسابی رەشەوڵاخمان بۆ کرابێت کاتێک کە ئەو هەموو درۆیەمان بۆ دەکەن. ئەگینا کام هەڵبژاردن؟ کام دیموکراتیی؟ دەوڵەتی کوردیی یان بازرگانیی؟ چاکسازیی یان دەسەڵات و پارەی نەوت؟

یەکێتی بەندە بە مام جەلالەوە

ئەو فاکتەرانەی کە "یەکێتی"یان دروست کرد تا هاتوون دەوریان تەواو بووە. یەکێک لەو فاکتەرانەی کە پەیوەندیی بە ئێستای یەکێتییەوە هەیە شەخسی مام جەلال خۆیەتی. بەشێکی زۆری لاوازبوونی یەکێتی و بەهێزیی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ بەساڵاچونی مام جەلال و دیارنەمانیشی یەکێتی خستۆتە مەترسییەوەو گۆڕانی بۆ هەلی جێگرتنەوەی خۆی داناوە. کەواتە، لە ناو هاوکێشەکەدا یەکێتی مایەوە سەر ئەوەی کە بەندبێت بە خودی مام جەلالەوە. بەم حسابە بێت لە دوای مام جەلال یەکێتی نامێنێت. ئەوەی کە ماوەتەوە یان دەمێنێتەوە پاشماوەی یەکێتی دەبێت نەک یەکێتی. پاشماوەی یەکێتییش ژمارەیەک دەسەڵاتدارە کە نوێنەری هیچ هێڵێکی سیاسیی نین، لە زانستی سیاسەت نازانن. بێ ئاگان لە ئاکامەکانی نەبوونی سیاسەت بە واتای پاراستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بۆ راگرتنی ئەمڕۆی یەکێتی تاکە کۆڵەکە ئەو کۆڵەکەیەیە کە دەخرێتە جێگای مام جەلال. بەڵام ئایا کەسێک هەیە بتوانێت جێگای مام جەلال بگرێتەوە؟

یەکێتی لە تەیارەیەک دەچێت مام جەلال بردیە ئاسمان. ئەوانەی ئێستا تیایدا مەستن نە ئەزانن چۆن ئەم تەیارەیە چۆتە ئاسمان نە ئەزانن بینیشێننەوە. لە دوای مام جەلالەوە سێ دەسەڵاتداری یەکێتی ناوەندێکیان لەسەرو مەکتەبی سیاسییەوە بۆ بڕیار دروست کرد. بەڵام وەکو پێشتر نوسیبووم کە ئەمە سەر ناگرێت. چونکە سروشتی کێشەکە ئەوەیە کە کەسێکی بەهێز چاپوکانە جڵەوی یەکێتی بگرێتە دەست و گۆڕانکاریی خێرا بکات. بەڵام هیچ کام لەو سێ کەسە هەر یەکە بە گوێرەی خۆی دور بوو لەم هەنگاوەوە. لە غیابی مام جەلالدا راست ئەوە بوو بە زووترین کات ئەم هەنگاوە بنرێت و بۆشایی مام جەلال بە زیادەوە پڕ بکرێتەوە. بەڵام لە جیاتی ئەمە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگای باسکردنی هاتنەوەی مام جەلالەوە باس لەوە کراوە کە دوای مام جەلال هیچ توانایەکی تر نییە.

سەرئەنجام دەستەڵاتدارانی یەکێتی چارەنوسی یەکێتیان دایە دەست هیوای هاتنەوەی مام جەلال. باوەڕبوونیان بە یەکێتی خستە سەر باوەڕبوون بە گەڕانەوەی مام جەلالەوە. ئنجا ئایا جەماوەر تا چ رادەیەک باوەڕی بە هاتنەوەی مام جەلال هەیە بۆ رابەریی یەکێتیی؟ جەماوەر چەندیان باوەڕ بە هاتنەوەی مام جەلال هەیە بۆ رێبەریی هەر ئەوەندەشیان باوەڕ بە یەکێتی ماوە.

وەکو پێشتر دەربارەی ئەم بابەتە نوسیبووم، "زەمەن بۆ هەر شتێک سەعاتی خۆی رادەگرێت." دەستەڵاتدارانی یەکێتی لە تیپێکی فوتبۆڵین دەچن کە گۆڵێکی زۆریان لێ کرابێت، پروایان بە بردنەوە نەمابێت و چاوەڕێ بن فیکەی تەواوبوونی یارییەکە رزگاریان بکات. دوبارە هەروەکو پێشتر دەستم بۆ راکێشاوە: "هەر شتێک سەری لێ دەرنەکەیت، سەرتی لێ دەردەکات." سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی مام جەلالێک ئیتر روو لەوە دەکات ئاوەڕوو لە نەوشیروان مستەفا بدەنەوە. دور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا بگەینەی ئەوەی کە بڵێین: "نەوشیروان مستەفا ناوچەی سەوز بۆیاخی شین دەکات."

دیوارێکی تری یەکێتی لەسەر زەوی دروستبوونی حکومەتی هەرێم راوەستاوە. لە دوای (2003/03/19)ەوە ناوچەی حکومەتی هەرێم درایە دەست پارتی و یەکێتی. یەکێتی وەکو خاوەنی ناوچەی سەوز دەزگاکانی حکومەت و داهاتی ناوچەکەی بەرکەوت. ئەگەر ئەم دەستەڵاتەی لە دەست بێتە دەرەوە ئایا یەکێتی چی لێ دەمێنێتەوە؟

یەکێتی گۆران بە مەترسیی دەزانێت

کوردستان کۆمەڵگایەکی دیموکراتیی نییە. هەڵبژاردن بۆ رەواییدانەوەیە بە دەستەڵات. جەماوەر دەنگ ئەدات بۆ تازەکردنەوەی ملکەچیی خۆی نەک بۆ بەشداریی لە پریاردا. دەستەڵاتداری داگیرکار هەڵبژاردن بۆ ئەوە دەکات دەنگی بۆ بدەن. زەحمەتە لای قبوڵی بکات بە شێرو خەتی دەنگدان دەستبەرداری خۆی و سامانی بێت. دامودەزگا دەوڵەتییەکان سەربەست نین. بۆیە لەم جۆرە هەڵبژاردنەدا دەستەڵات دەستاودەست ناکات. دەستەڵاتداری داگیرکار لەو مەزاجەوە ئەقڵی بەکار دەهێنێت کە خاوەنی موڵک و خەڵکە. بۆیە ئاساییە کاربەدەستانی یەکێتی هەر خۆیان بە خاوەنی نیوەبەش بزانن. ئەوەی ئێستا لە نێوانی یەکێتی و گۆراندا روو دەدات ململانێی نەوشیروان مستەفایە لەگەڵ تارمایی مام جەلال بۆ بردنەوەی کۆنترۆڵی ناوچەی سەوز. بۆیە ئاساییە کە کاربەدەستانی یەکێتی هەست بە مەترسیی نەمان بکەن لە بەرامبەر بە خەنیمەکەیاندا. سەرئەنجام هەڕەشە بکەن و باسی قبوڵنەکردن بکەن. رەگی ئەم دووبەرەکییەی یەکێتی لە رەنگی سەوزو شیندا دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان ساڵی 2006. ئەو کاتە مام جەلال وتی: "ئەوە چییە کردوتانە بە فشە. لاچن با لێتان نەکەم کشە." پێش هەڵبژاردنیش بە چەند رۆژێک نەوشیروان مستەفا لە رۆژنامەی "هاوڵاتی"دا وتی کە ئەو ئاگای لە

تەکەتول نییە. لایەنگرانی مام جەلال لە هەڵبژاردنەکاندا بردیانەوە. بەڵام مام جەلال بەخشندەیی پیشان داو کەسی بە هیچ جۆرێک سزا نەدا.
خورتبوونی گۆران لەسەر حسابی یەکێتییە. لە جەنگ بگەڕێتەوە هەڵبژاردن بەزەبرترین دەستیاوە بۆ یەکلاییکردنەوە. وەرگرتنی پۆستەکانی یەکێتی لە لایەن گۆڕانەوە ئەو دیوارەش لە یەکێتی دەڕوخێنێت کە لەناو حکومەتی هەرێمدایە.

بە منداڵیی دەیان گێڕایەوە ئەمیر ئەرسەلان شمشێرێکی تیژ لە دێوەکە ئەدات. بەڵام دێوەکە هەستی پێ ناکات و هەر دێتە پێشەوە. تا ئەمیر ئەرسەلان بە دێوەکە دەڵێت: "کافر خۆت راوەشێنە!" دێو کە خۆی رادەوەشێنێت دەبێت بە دوو کەرتەوە.
یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی پێشودا شکستی خوارد. بەڵام بە بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێک لە خۆی و بارەکەدا بکات دەچێتەوە ناو هەڵبژاردن. بۆیە لەوە دەچێت لە هەڵبژاردنی ئەم جارەدا خۆی رابووەشێنێت.

جەهل پێنج دەمی هەیە

جولەکەکان دەڵێن: "مرۆڤ دوو چاو، دوو گوێ و یەک دەمی هەیە." واتە، مرۆڤ ئەبێت دوو جار ببینێت، دوو جار گوێ بگرێت ئنجا جارێک قسە بکات. بەڵام منیش لێرەدا دەڵێم: جەهل پێنج دەمی هەیە.
لە کاتێکدا کاربەدەستانی یەکێتی لە تەیارەکەدا خۆیان بە شەرابی دەستکەوت و تاڵانیی مەست کرد، نەوشیروان مستەفا لە زەویدا لە ئەسپەکەی تەروادەدا بەشە سیاسییەکەی یەکێتیی لەناو نارەزایی جەماوەردا رێکخستەوە. لە کتێبێکدا بۆ منداڵانی سویدیی جارێک خوێندمەوە باسی لەوە دەکرد کە ئایا برسییەک ماسی دەوێت یان فێری ماسیگرتنی بکەن؟
نەوشیروان مستەفا دانی بەخۆیدا گرت و ماسیگرتنەکەی هەڵبژارد بەڵام کاربەدەستانی یەکێتی سەری خۆیان دایە دەست ئارەزویان و خۆیان لە ماسی هەڵکێشا. ماسیش زوو بۆگەن ئەکات.

ناسر حەفید
20-04-2014